# دیدگای گەنج - 2023

09-07-2023

### نووسەرەکان

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** بە پێی ئەنجامەکانی راپرسییەکە، لە کۆی ئەو 1ملیۆن و 727 هەزار و 903کەس گەنجەوە کە هەن، 466533کەسیان بە تەمای دەنگدان نین کە دەوری 27%دەکات. 1ملیۆن و 244 و 90 کەسیش گوتوویانە دەنگ دەدەن ئەگەر مافیان هەبێت کە ئەویش 72% دەکات. 33%ی ئەو 72%ی کە حەزی لە دەنگدانە، نەیانویستووە دەنگەکەیان ئاشکرا بکەن. ئەمەش زیاتر لە 410549 کەس دەکات. ئەوانەی کە گوتوویانە دەنگ نادەن، هۆکارەکانی وەك بێ متمانەیی بە پارتە سیاسییەکان، نەبوونی کەشی ئازادی هەڵبژاردن و نەبوونی بەربژێری گونجاویان وەك پاساو هێناوەتەوە. بێگومان ئەگەری گۆڕانی ئەمانەش تا دواساتەکانی هەڵبژاردن لە ئارادایە. بۆیە ئەو ڕێژەیەی کە دەڵێ دەنگ نادەم و ئەوانەش کە دەنگی خۆیان ئاشکرا ناکەن، پێکەوە دەتوانن فاکتەری سوپرایز بن لە هەڵبژاردنی داهاتوو.

روانگەیەك هەیە كە گەنجان وەك "سایسمۆگراف" بۆ ئاگاداربوون لە رووداوەكانی داهاتوو تەماشا دەكات. بە كورتییەكەی، دەشێ لەڕێی گەنجانەوە بگەینە ئەو ئەنجامەی كە داهاتووی كۆمەڵگایێك چۆن دەبێت. گەنجانی تەمەن 15-29 ساڵ رێژەی 28%ی دانیشتووانی هەرێمی كوردستان پێكدەهێنن و ئەمەش1ملیۆن و 727 هەزار و 903كەس دەكات. ئەمە بێجگە لەوەی كە 35%ی دانیشتوانی هەرێمی كوردستان لە خوار تەمەنی 15 ساڵییەوەن كە 2ملیۆن و 159هەزار و879كەس دەكات. ئەم دیمەنەش دەریدەخات كە داینامیكی دانیشتوانی گەنج لێرە، بە لانیكەمەوە بۆ نزیكەی 2 دەیەی داهاتووش بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

ئەمە لە روانگەی ئابوورییەوە بە واتای هێزی كاری تازە نەفەس دێت، هەڵبەت ئەگەر سیاسەتە ئابووری ـ كۆمەڵایەتییەكان بە لەونێك بن كە ئەوان دەرفەتی گەشەكردنیان هەبێت. خۆ ئەگەر پێچەوانەكەیشی رووبدا، ئەوا زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانی گەنج كە بە شێوەی سرووشتی داوای دابەشكردنەوەی سەروەت و سامان، هەلیكار و بەشداری سیاسی دەكەن، دەتوانێت دۆخی سیاسی و كۆمەڵایەتیش بگۆڕێت. ئالێرەوەیە كە بایەخی تێگەیشتن لە روانگەی گەنجان زۆرگرنگە. راپرسییەكی ناوەندی لێكۆڵینەوەی رووداو، بە ناونیشانی روانگەی گەنج لە هەرێمی كوردستان ـ 2023، كە لە حوزەیرانی ئەمساڵدا كراوە، لەوبارەیەوە سەرەداوی گرنگمان پێدەدات.

## كولتووری گەنج و وەرچەرخانی گەنجان

بە پێی ئەنجامەكانی راپرسییەكە، گەنجان لەڕووی دارایی، كۆمەڵایەتیی و تەنانەت لەڕووی ئاسایشەوە زیاتر گرێدراوی بنەماڵە و خێزانن. 90.1%ی گەنجان نایانەوێ لە خێزان دوور بكەونەوە. 52%یان پارە لە خێزان وەردەگرن و لەڕووی ئابوورییەوە گرێدراوی خێزانن. 66%یشیان گوتوویەتی ئەگەر كێشەیەكیان بۆ دەركەوێت پەنا بۆ خێڵ، خزم و كەسوكار دەبەن، ئەویش لەكاتێكدا كە تەنیا 33%یان گوتوویانە پەنا بۆ دامەزراوەی فەرمیی حكومەت دەبەن.

بەرلە هەمووشتێك، لێرەوە دەردەكەوێت كە خێزان فاكتەرێكی كاریگەرە لەسەر شكڵپێدانی دیدگا و روانگەی گەنجان. بەڵام گرفتەكە لێرەدا ئەوەیە كە بەشێكی زۆری دایكان و باوكانی گەنجان ئاستێكی بەرزی خوێندەوارییان نییە. بەپێی راپرسییەكە، رێژەی 67.3٪ دایكانی بەشداربووان نەخوێندەوارن. رێژەی 45.8٪ی باوكانی بەشداربووانیش نەخوێندەوارن، 39.8٪یشیان هەڵگری بڕوانامەی كەمتر لە ئامادەیین و تەنیا 4.7٪یان بڕوانامەی ئامادەییان هەیە. بۆیە ئەو دیدگایەی كە گەنج لەوێوە وەریبگرێت، هەر ئەوانەیە كە بەشێوەی نەریتی گەشەیان كردووە. لێرەدا نەك چەمكەكانی وەك "وردە ـ كولتووری" گەنجان یان "بەرەنگاری" لەدژی ئەو بەها و پێوەرانەی كە لە كۆمەڵگا و سیستەمەكەدا هەن، هیچیان بە تەنیا بەشی روونكردنەوەی رەفتاری گەنجان ناكەن. بەڵكو هۆكاری دیكەی وەك كاریگەری كۆمەڵگا و دامەزراوەكانی، رێگایەكی ئاسانترمان پیشان دەدات كە لێرەشدا بە پلەی یەكەم خێزان دێت.

ئەو دیمەنەی كە گەنج لە كوردستان پیشانی دەدات، هاوشێوەی ئەو دیمەنەیە كە بە گشتی لە عێراق دەركەوتووە. بەگوێرەی لێكۆڵینەوەیەكی (FES) كە دیسەمبەری 2022 بڵاوكراوەتەوە، 86%ی گەنجانی عێراق متمانەیان بە خێزانە، بەڵام رێژەی هاوبەشی متمانەكەیان بە حكومەت، سوپا و پۆلیس 28% بووە. پێدەچێ، ناڕوونی و نادڵنیاییەكانی دوای، هەردوو شەڕی 2003 و شەڕی داعش، ناسەقامگیری سیاسی، ئابووری و ئەمنی هۆكاری گرنگ بن بۆ ئەوەی كە گەنجان، خێزان وەك متمانەپێكراوترین یەكەی كۆمەڵگا تەماشا بكەن.

لە راپرسییەكەی ناوەندی لێكۆڵینەوەی رووداودا، رێژەی ئەو گەنجانەی كە گوتوویانە بڕوایان بە ئازادییە تاكەكەسییەكان هەیە لە ئاستێكی زۆر بەرزدایە، بە جۆرێك كە 83.9% بووە، بەڵام، 85.5%یان گوتوویانە نابێ كچان یان ئافرەتان بە تەنیا گەشت بكەن و بەشێوەی سەرەكی هۆكاری ئەوەشیان بە پێی ریزبەندی، بۆ ئایین، كولتووری كۆمەڵگا و قسەی خەڵكی گەڕاندۆتەوە و رێژەیەكی كەمیش بە پاساوی نەبوونی ئاسایش و ئاسانكارییەكانی گواستنەوەی گشتی دژی ئەوە دەركەوتوون. بۆیە لێرەدا بە گشتی دوو تایبەتمەندی جیاوازبە دی دەكرێت، لەلایەك بە ئەگەری زۆر لەژێر كاریگەری گلۆبالیزەیشنی بەها نیۆلیبراڵییەكاندا بڕوای بە ئازادی تاكەكەسی هەیە بەڵام لەلاكەی دیكەوە لە ژێر كاریگەری نەریتەكانی كۆمەڵگا، بەشێكی ئەوانە رەتدەكاتەوە. بۆیە پێدەچێ ئەو بۆچوونەی كە پێیوایە لەم سەردەمەدا، "ئیدی ناتوانی لە چوارچێوەی راستەهێڵێكدا تەماشای وەرچەرخانی گەنجان بكەیت و پێشوەخت بزانیت كە چی روودەدات، بەڵكو دەشێ وەرچەرخانەكە ئاڵۆز و چاوەڕواننەكراو بێت." بۆ هەرێمی كوردستانیش راست بێت.

## ئابووری و نائامادەیی ژنان لە بازاڕی كار

بە پێ ئەنجامەكان، زۆربەی گەنجان روویان لە كەرتی تایبەت كردووە بۆ دۆزینەوەی كار كە وەكوو گرفتێكی سەرەكی تەماشای دەكەن. هەڵبەت كەرتی تایبەتیش نەیتوانیوە بەتەواوی جێی هیوا بێت بۆ گەنجان و، پێدەچێت نەبوونی دڵنیایی تەواو سەبارەت بە داهاتوو،

هەروەها نایەکسانی لە دەرفەتەکانی کەرتی تایبەت و کەمیی مووچە لەو هۆکارانە بن کە وایانکردووە، هێشتا گۆشەیەکی بیرکردنەوەیان لەسەر دامەزراندنیان لە کەرتی حکومی بێت. ئەمەش ئەو شوێنەیە کە دەشێ حکومەت سەرنجی زیاتری بخاتەسەر. پێویستە پرسیارەکە ئەوە بێت کە چۆن دەکرێ کەرتی تایبەت بە جۆرێك گەشە پێبدرێت و رێکبخرێتەوە کە دڵنیایی بداتە گەنجان.

سەبارەت بەوەی کە بۆچی دۆزینەوەی کار گرفتە بۆ گەنجان، 39.9% گوتوویانە مەرجەکانی کار قورسن، 30.5% نەزانینی زمانی بیانییان بە گرفتی بەردەم دۆزینەوەی کار زانیوە، 23%یش نەبوونی ئەزموونیان وەك هۆکارێك پیشانداوە. هەروەها 13%یش گوتوویانە توانای پێویست و سەردەمییانە بۆ کارەکان نییە و 11.9% یش گوتوویانە کە کارەکان بە گوێرەی ئەوان نین و13%یش باسی ئەوەیان کردووە کە نازانن لە کوێ بەدوای کاردا بگەڕێن. ئەو ژمارانەش دەریدەخەن کە بابەتێکی هەرە گرنگ لێرەدا چۆنییەتی پێشخستنی توانای کار و شارەزایی دەستی کارە لە نێو گەنجان. ئەویش بە تایبەت لەم سەردەمەدا کە ئەی ئای خەریکە بە خێرایی گەشە دەکات و دەتوانێت کاریگەری لەسەر بازاڕی کار دابنێت. خاڵێکی جێگەی سەرنج ئەوەیە کە گەنجی هەرێمی کوردستان کاتە بەتاڵەکانی خۆی چۆن بەسەردەبات؟ ئەو وەڵامانەی کە لە راپرسییەدا دەرکەوتوون، لەڕووی ئابوورییەوە خزمەتی ئامادەکردنی گەنج بۆ بازاڕی کار ناکەن. لەسەرئاستی هەرێمی کوردستان رۆیشتن بۆ بازاڕ، خەوتن و دواتریش سەردانی مزگەوت و شوێنە ئاینییەکان لە ریزی زۆرترین ئەو کارانەن کە گەنجێك لە ماوەی هەفتەیەکدا لە هەرێمی کوردستان دەیانکات. 79.9%ی گەنجانیش گوتوویانە هەرکاتێ دەستمان بە تاڵ دەبێت، بە مۆبایلەوە خەریکی سۆشیالمیدیا دەبین. ئا لێرەوەیە کە گرفتەکانی سیستەمی پەروەردەیی و سیاسەتە کولتوورییەکانی دەردەکەون.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان هەردوو رەگەزدا هەیە سەبارەت بە کارکردن و ئەمەش بابەتێکی ئێکجار گرنگە. بەپێی ئەنجامەکانی ئەم راپرسییە، 43.9%ی گەنجان کاردەکەن و لەوانەش، 61.5%یان نێرن و تەنیا 16.1%یان لە رەگەزی مێن و بەوەش ئامادەیی ژنان و کچان لە نێو هێزی کاردا لە ئاستێکی زۆر نزمدایە. ئەوان زیاتر بەکاری بێ بەرامبەر(Unpaid work)ەوە سەرقاڵن کە ئەمەش بۆ سیاسەتەکانی گەشەپێدان تەگەرە دروست دەکات.

## گەنج و سیاسەت

بە شێوەیەکی گشتی کەمێك خواستی بەشداریکردنی سیاسی لای گەنجان زیاتر بووە. بۆ هەڵبژاردنیش، زیاتر لە 72% دەیانەوێ بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن ئەگەر مافی دەنگدانیان هەبێت، ئەم رێژەیەش لەسەرووی رێژەی گشتی بەشداریکردنی خەڵکە لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە 59% بوو. هەروەها نزیکەی 30%یش زیاترە لە رێژەی بەشداریکردنی گشتی خەڵك لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی 2021ی پەرلەمانی عێراق. کەمیی رێژەی گشتی بەشداریکردنی خەڵك لە هەڵبژاردنەکان، هەروەها بەرزبوونی ژمارەی گەنجان لە هەرێمی کوردستان، وادەکەن کە رۆڵی ئەوان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی هەرێمی کوردستاندا یەکلاکەرەوە بێت.

بە پێی ئەنجامەکانی راپرسییەکە، لە کۆی ئەو 1ملیۆن و 727 هەزار و 903کەس گەنجەوە کە هەن، 466533کەسیان بە تەمای دەنگدان نین کە دەوری 27%دەکات. 1ملیۆن و 244 و 90 کەسیش گوتوویانە دەنگ دەدەن ئەگەر مافیان هەبێت کە ئەویش 72% دەکات. 33%ی ئەو 72%ی کە حەزی لە دەنگدانە، نەیانویستووە دەنگەکەیان ئاشکرا بکەن. ئەمەش زیاتر لە 410549 کەس دەکات. ئەوانەی کە گوتوویانە دەنگ نادەن، هۆکارەکانی وەك بێ متمانەیی بە پارتە سیاسییەکان، نەبوونی کەشی ئازادی هەڵبژاردن و نەبوونی بەربژێری گونجاویان وەك پاساو هێناوەتەوە. بێگومان ئەگەری گۆڕانی ئەمانەش تا دواساتەکانی هەڵبژاردن لە ئارادایە. بۆیە ئەو رێژەیەی کە دەڵێ دەنگ نادەم و ئەوانەش کە دەنگی خۆیان ئاشکرا ناکەن، پێکەوە دەتوانن فاکتەری سوپرایز بن لە هەڵبژاردنی داهاتوو.

## کۆتایی

بەگوێرەی ئەنجامەکانی راپرسیی روانگەی گەنجان -2023، کە تێیدا چاوپێکەوتنی راستەوخۆ لەگەڵ 1122 کەس لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان کراوە، دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە نادڵنیایی ئابووری، گرێدراویی ئابووری بە خێزان لە نیو گەنجاندا لە ئاستێکی بەرزدایە. روانگەی گەنجان بۆ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، بەهۆی پابەندی زۆر بە خێزان و کەمیی ژمارەی دۆست و هاوڕێ روخسارێکی موحافزەکارانەی هەیە. ئەو چالاکییانەی کە گەنجان هەفتانە لەگەڵ خێزان و هاوڕێکانیاندا دەیکەن پێویستی بە وردبوونەوەی زیاتر و سیاسەتی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی-ئابوورییە کە گەنجان هانبدات روو لە بابەتی پەیوەست بە تەندروستی، ئابووری و گەشە پێدانی توانستی خۆیانەوە بکەن نەك ئەوەی کە تەنیا بەهەندێك کرداری رۆژانەوە سنووردار بێت.